ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# لەنێوان کەناڵی ئەلجەزیرەو "سەکۆی ئازاد"ی پارکی ئازادی

فاضل قەرەداغی

٢٠٠٤/٩/١٦

زۆر بەکورتی هۆکاری ئەو هەموو هێرشەی سەر کەناڵی ئەلجەزیرەو قەدەغەکردنی دەڵێم: کەناڵی تر هەیە هەروەکو ئەلجەزیرە قسە دەکات و هەمیشە خراپترو توندوتیژتر قسە دەکات بەڵام کەس نایانخاتە ناو باسەکانەوە، هۆکەش دیارە: ئەو کەناڵانە هێندەی ئەلجەزیرە ناودار نین. ملیۆنەها کەس تەماشای ئەلجەزیرە دەکەن و ئەو کەناڵە کاریگەرییەکی گەورەی هەیەو لە لێکۆڵینەوەیەکدا کەناڵەکە یەکێك بوو لە سەد دەزگاو کەسایەتی کە خاوەنی گەورەترین کاریگەرین، بۆیە وشەیەك ئەو بیڵێت کاریگەرترە لەدەیان هەواڵ و تەعلیقی کەناڵەکانی تر.

ئەمەش تەنها نموونەیەکە لەسەر ئەو ڕاستییەی لەبارەی ئازادیی ڕادەربڕین:

تۆ ئازادیی ڕا دەربڕینت هەیە ئەگەر کەم کەس گوێت بۆ بگرێت بەڵام کە گەیشتە ئەوەی قسە بۆ ملیۆنەها کەس بکرێت و کاریان تێ بکەیت ئەوکاتە ئازادییەکەت سنووردارە.. ئەمە یەکێکە لەبنەماکانی ئازادیی بیروڕا.. بۆیە دەبینیت سەکۆیەکی ئازاد لە پارکی ئازادیی سلێمانی دەکرێتەوە تا هەر کەس حەزی لەچییە بیڵێت تەنانەت جوێنیش.. با قسە بکات و جوێنیش بدات چونکە لەلایەك کەم کەس گوێی بۆ دەگرێت و لەلایەکی تر کابرا داخی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێت و قسەی خراپ لە کۆڕێکی فراوانتردا ناکات هەرچەندە قەناعەت هەیە کە تەنانەت ئەو سەکۆ بەرتەسکەش دەکەوێتە لەرزە کاتێك ئەوەی سەری چەند سنوورێکی دیاریکراو دەبەزێنێت. ئەگەر باسی ئەوبەریش بکەن (هەولێر و بادینان) بەتەما نەبین تاکە خشتێکیش هەبێت لە باخی گڵکەند یەکێك بچێتە سەری و گلەیی لە حزبی فەرمانڕەوا بکات کە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووەو بڵێت: کوری باشە لێتمان عاجزم!

بە هەر حاڵ سەکۆی بچووکی بەرتەسکی سلێمانی باشە بۆ بەتاڵکردنی داخی پیشخواردوو و بۆ بەخشینی ڕووکەشێکی دیموکراتی بۆ ئەو میوانە بیانییانە باش بێت کە دێنە کوردستان بەتایبەتی پاش سەردانی مۆزەخانەی ئەشکەنجەدانی بەعسی لە "ئەمنە سوورەکە". ئەمە سەکۆی ئازاد بەڵام کاتێك ئەو قسانە لەو سەکۆیەدا ناکرێن بەڵکو دەبنە نووسین و کتێب تەنگەنەفەسی دەست پێدەکات، کاتێکیش دەبنە جەماوەریتر با بڵێین ڕۆژنامە، تەنگەنەفەسییەکە زیاتر دەبێت، کاتێکیش زیاتر جەماوەری دەبێت، با بڵێین تەلەفزیۆن.. ئینجا زۆر لەمەش جەماوەریتر.. کەناڵی ئاسمانی.. ئەی ئەگەر ملیۆنەها کەس تەماشای کەناڵە ئاسمانییەکە بکەن..؟

لەمەوە تێدەگەین بۆچی دەسەڵات هێندەی بە وتاری هەینی مزگەوت کە ڕەخنەگر بێ تاقەتترە لەچاو قسەی ڕۆژنامە هەرچەندە ئەمیان دەنووسرێت و دەمێنێتەوە لەکاتێکدا وتارەکە ڕەنگە تۆمار بکرێت ڕەنگە نەشکرێت و لەهەموو حاڵەتێکدا کەمتر لەنووسین دەمێنێتەوە.. وتاری هەینی جەماوەریترە بۆیە ڕەخنەگرتن تێدا قبوڵ نییە بۆیە مەلا لەدوای مەلا لەخەتیبی لادەبرێن.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کەواتە: ئەگەر گەیشتیتە ئەوەی کاریگەر بیت ئاگات لەخۆت بێت چونکە ئالێرەدا سنووری قایم و جیددیی ڕادەربڕین دەست پێدەکات.. تێبینی بکە: باسی ئەو وڵاتانە دەکەین کە بەئازادیخواز ناسراون.. بۆ ئەوەی خۆشمان شوکر بە ئەگەر ئەو سەکۆ ئازادە بمێنێت.